بەفەرمی... سی و چوارەمین لووتکەی عەرەبی لە بەغدا دەستپێکرد



کارەکانی سی و چوارەمین لووتکەی عەرەبی، ئەمڕۆ شەممە، لە بەغدای پایتەختی عێراق دەستپێکرد بە ئامادەبوونی شەش سەرۆک دەوڵەت و بەرپرسانی وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ژمارەیەک سەرۆک وەزیران و جێگرەکانیان و وەزیرانی دەرەوەی وڵاتەکانیان کە نوێنەرایەتی وڵاتەکانیان دەکەن لە کۆبوونەوەکەدا. لووتکەکە بە دانیشتنەکی گشتی دەستپێکرد کە بە خوێندنەوەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز دەستپێکرد و دواتر وتارێکی شانشینی بەحرەین لەلایەن وەزیری دەرەوەی بەحرەین عەبدوللەتیف بن راشد ئاڵ زایانی پێشکەش کرا وەک سەرۆکی دانیشتنی پێشوو (33) و سەرکایەتی کۆبوونەوەکەی هادستی عێراق کرد.

سەرۆکی شاندی بەحرەین عەبدولەتیف بن راشد ئەلزایانی لە وتارەکیدا گوتی " بەحرەین شەرەفمەندی سەرکایەتی سی و سێیەمین لووتکەی عەرەبی کرد" ئاماژەی بۆدا کە لووتکەی بەحرەین چەندین بڕیار و دەستپێشخەری پەسەند کردووە بە پەرەپێدانی هاوکاری عەرەبی. ئەلزایانی ستایشی کۆکستنی باشی سی و چوارەمین لووتکەی بەغدای کرد و ئاماژەی بۆدا کە لووتکەی بەغدا لە نێو تەحدایەکی گەورەی

ناوچەیی و نەودەوڵەتیدا بەکاو دەچێت. هەروەها پشتیوانی وەاتانی عەرەبی بۆ کاندیدکردنی بەحرەین بۆ بەدەستهێنانی کورسیەکی ناهەمیشەیی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێتەوە یەکگرتووەکان بەرزنرخاند.